# ڕۆژژمێری ناوچەیی بەشی گەرمیانی کرماشان

کەریم کەریم پوور
وەرگێڕان و کورتکردنەوە و پەراوێز:
عەبدوڵڵا سەمەدی
(مەهاباد)

مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، بەر لە هەر دیاردەیەکی تر، سرنجی بۆ لای خۆر و مانگ و ئەستێرە ڕاکێشراوە و تاریکانی شەو و ڕووناکیی ڕۆژ و گۆڕانی سروشت و داهاتنی وەرزەکانی ناسیوە. ئەوجا بەرە بەرە لە دوای بەرە، گەلێک ئەزموونی لەگەڵ با و باران و هەور و سەرما و گەرما و بەفر و باران و ڕووەک و ئاژەڵ وەسەریەک ناوە و زانیاری وەدەست هێناوە، بێگومان ئەو ئەزموون و زانیارییانەی لە کاروبار و ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا دەکارهێناوە و گەلێک سوودی لێ‌وەرگرتوون و بوونەتە زانستی سەردەمی خۆی.

ئەم زانستە لە درێژەی زەماندا تێکەڵ بە حەکایەت و سەرهات و نەقڵ و نەزیلە بووە و بەشێک لە کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەکانی سەر زەوی پێک هێناوە، کە یەک لەوان نەتەوەی کوردە. هەر شوێنێکی وڵاتی بەرینی کوردستان، بەپێی کەشوهەوا و هەڵکەوتەی جوگرافیایی، ڕۆژژمێرێکی ناوچەیی خۆی هەیە کە ڕابوردووان بەپێی ئەزموون و بارودۆخی سەردەم، پشتاوپشت تاقییان کردووەتەوە و کەڵکیان لێ وەرگرتووە. هەرکام لەو ڕۆژژمێرانە چوارچێوە و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و تابلۆیەکن لە مێژوو، زمان، وشە، نەریت و بیروباوەڕ. تۆمار کردن و لێکۆڵینەوەی ئەم ڕۆژژمێرانە و هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ یەکتر، دەرگای دنیایەکی بەربڵاوترمان لە فەرهەنگ و

فۆلکلۆر بە ڕوودا دەکەنەوە کە پڕە لە زانیاری و هونەر و دەتوانێ لە بوارگەلی جۆراوجۆردا بە کاری پسپۆڕان و توێژەرانی کۆمەڵناس و زمانزان بێ. کولتووری ڕابوردوو فرێ نادرێ، بەڵکوو تۆمار دەکرێ و هەڵدەسەنگێنرێ و تیشکی دەخرێتە سەر. فەوتان و فەوتاندنی دەبێتە خەسارێک کە قەت جێگەی پڕ نابێتەوە. م. کەریم کەریمپوور، ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی (٢٠٠٢) ئەم لێکۆڵینەوەیەی لە نامیلکەیەکی ٦٨ لاپەڕەییدا بە زمانی فارسی بڵاو کردووەتەوە (١) کە بە پێویستم زانی پوختەی کارەکە لە وتارێکدا بە زمانی کوردی بخەمە بەر دەستی خوێنەری کورد و لێدوان و بۆچوونەکانی خۆیشمی لە پەراوێزدا بخەمە سەر.

* * *

ئەم ڕۆژژمێرە بەشی کوێستانیی کرماشان ناگرێتەوە، تایبەتی بەشی گەرمیان و کەلوڕنشینی ناوچەکەیە کە بریتییە لە شارگەلی: هاروونئاوا، مایدەشت، گێلانی ڕۆژئاوا، سەرپێڵ زەهاو، قەسری شیرین، سەومار، نەفتشار و ئەیوان لە پارێزگای ئیلام و خانەقین و مەندەلی لە باشووری کوردستان.

ڕۆژژمێرەکە بە هاتنی (بەهاری کوردی)یەوە دەست پێ دەکا، کە ڕێکەوتە لەگەڵ یەکەم ڕۆژی مانگی ڕێبەندان و بیستەمین ڕۆژی کانوونی دووەم، واتە بە حیسێبی ڕۆژژمێری ناوچەی گەرمیانی کرماشان، ١١/١ی هەتاوی و ١/٢١ی زایینی ڕۆژی هەوەڵی ساڵ و سەرەتای بەهاری کوردییە. بناغە و دەسپێکی ڕۆژژمێرەکە لەسەر دامەزرانی دەسەڵاتی مادەکان و هاتنە سەر حوکمی دیاکۆ ڕۆنراوە. (٢) چوار وەرزی ساڵ بریتین لە وەهار، (تاوسان)، پاییز، زمسان و هەر وەرزەی سێ مانگی هەیە، کە لە ڕاوێژدا بە مانگ ئەوەل، مانگ ناوی و مانگ دووا، مەشهوورن و هەر مانگەش ناوی خۆی هەیە بەم چەشنە:

١- ئەوەل وەهار awal wahār (ڕێکەوتی ڕێبەندان/ ٢١ی کانوونی دووەم تا ٢٠ی شوبات).

٢- گیا باریک giyā bārīk (ڕێکەوتی ڕەشەمە/ ٢١ی شوبات تا ٢٠ی ئادار).

٣- دار چەقنە/ نەورووز مانگ dār čaqna/ nawrūz māng (ڕێکەوتی خاکەلێوە/ ٢١ی ئادار تا ٢٠ی نیسان).

٤- بەختە واران/ جۆ زەرد baxta wārān/ jö zard (ڕێکەوتی بانەمەڕ/ ٢١ی نیسان تا ٢٠ی مایس).

٥- گەنم درەو/ مانگ گاقور gamin direw/ mang gāqūr (ڕێکەوتی جۆ زەردان/ ٢١ی مایس تا ٢٠ی حوزەیران).

٦- خورما پەزان xurmā pazān (ڕێکەوتی پووشپەڕ/ ٢١ی حوزەیران تا ٢٠ی تەممووز).

٧- شەرت شوان šarti šuān (ڕێکەوتی گەلاوێژ/ ٢١ی تەممووز تا ٢٠ی ئاب).

٨- سووەیل suwayl (ڕێکەوتی خەرمانان/ ٢١ی ئاب تا ٢٠ ئەیلوول).

٩- تەمەڵ ئەوپاکەر tamaĺ awpākar (ڕێکەوتی ڕەزبەر/ ٢١ی ئەیلوول تا ٢٠ی تشرینی یەکەم).

١٠- پەڵەداین/ سەردەوا paĺadāyn/ sardawā (ڕێکەوتی خەزەڵوەر/ ٢١ی تشرینی یەکەم تا ٢٠ی تشرینی دووەم)

١١ - مانگ سیە mang sīya (ڕێکەوتی سەرماوەز/ ٢١ی تشرینی دووەم تا ٢٠ی کانوونی یەکەم)

١٢- ڕێبەنان ŕebanān (ڕێکەوتی بەفرانبار/ ٢١ی کانوونی یەکەم تا ٢٠ی کانوونی دووەم)

(گۆران)ەکان هەر وەرزەی ساڵ دەدەنە پاڵ یەکێک لە کەسایەتییە ئایینییەکانی خۆیان. سێ مانگەی بەهار هی (داود)، سێ مانگەی هاوین

هـی (مسـتـەفا)، سـێ مانگـەی پاییـز هـی (بنیامیـن) و سـێ مانگـەی زسـتان هـی (باڵووڵ)ـە.

لـەم ڕۆژژمێـرەدا هـەر مانگـەی (٣٠) ڕۆژە و وێکڕا دەبنـە (٣٦٠) ڕۆژ.(٣) پێنـج ڕۆژ لـە دەرەوە دەمێنێتـەوە کـە بـە «پەنجەوتـار panjawtār» نـاو دەبـرێ و لـە سـاڵی کەبیسـەدا دەبێتـە شـەش ڕۆژ و دەکەوێتـە نێـوان ڕۆژانـی ٤ تـا ٨ی خاکەلێـوە، کـە ڕێکەوتـە لەگـەڵ کۆتایـی دووەم مانگـی وەهـار کـوردی. پەنجەوتـار بـە بەدشـووم دەژمێـردرێ و حیسـێبی بـۆ ناکـرێ.(٤) خەڵـک بـۆ خۆپاراسـتن لە بـەڵای ئـەم پێنـج ڕۆژە، پەنجـە دەنێنـە نـاو هەویـر و لـە دەرگای ماڵـی دەدەن، هەروەهـا «ڕیتکـە»، واتـە هەویـری شـل بـە پشـتی پەزەکانیانـدا دێنـن و لەسـەر نێوچاوانی بەرزەکانـی وەک مانـگا و گامێـش بازنەیـەک دەنەخشـێنن. (تـار) بـە مانـای تاریـک و نەحسـە، لـەم پێنـج ڕۆژەدا شـیر و ماسـت و ڕۆنـی ئاژەڵەکانیـان ناخـۆن و پاشـەکەوتی دەکـەن، تەنیا ئیزنیـان هەیـە کەڵـک لـە (دۆ) وەربگـرن. دوای بوورینـی ئـەو پێنـج ڕۆژە، شـیرەمەنییە پاشـەکەوت کراوەکە پاشـی دوعـا لەسـەر خوێندنـی کەسـایەتیی ئایینـی، کەڵکـی لێوەردەگیـرێ.

کوردانـی ئەهلـی حـەق، حـەوت ڕۆژی حەوتـوو بەسـەر حـەوت کەسـایەتیی ئایینیـی خۆیانـدا دابـەش دەکـەن، بـەم جـۆرە:

شەمە: سەید ئەبوولوەفا.

یەکشەمە: سەید میر ئەحمەد.

دووشەمە: سەید مستەفا.

سێشەمە: سەید شەهابەددین.

چوارشەمە: سەید باوەیسی.

پێنجشەمە: سەید حەبیب شا.

هەینی: سەید محەمەد گەورەسوار.

سـەرەتای بەهـار و سـەری سـاڵ لـە مانگـی ڕێبەندانـدا، پێشـینەی هـەزاران سـاڵەی هەیـە و لـە کولتـووری نەتـەوە کەونەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا دەبینـرێ، هەروەهـا لـە زۆربـەی ئـەو ڕۆژژمێرانـەدا دەبینیـن کـە مانگەکانـی سـاڵ و ڕۆژەکانی حەوتوو بەسـەر نـاوی کەسـان و ئـاژەڵ و دیاردەکانـی تـردا دابـەش کـراون.(٥)

یەکـەم ڕۆژی ڕێبەنـدان، دەسـپێکی سـاڵ و «وەهار کوردی»یـە و جـەژن و شـادی بـە دوای خۆیدا دێنێ. هەڵپەڕکـێ و مۆسـیقا و گۆرانـی گرینگتریـن بەشـی ڕێوڕەسـمەکەیە، پۆلـی منـداڵان دەرک بـە دەرک دەگەڕێـن و بـە دەم سـروود و هۆنـراوەی بەکۆمەڵـی لـەم چەشـنە، جێژنانـە کـۆ دەکەنـەوە:

**ئیمشەو ئەوەل وەهارە**

**خەیر وە خانە بوارە**

**ئوسا خوەی و چەکوشی**

**خودا کوردان نەکوشی**

(کەڵـوڕ/ کەڵـر/ کەڵهوڕ)ـەکانی گونـدی (ناودار قوروتـگ) لـەم شـەوەدا (لیتگـە lītga) لـێ دەنێـن، کە چێشـتی لە (ئارد و ڕۆن و شەکر)ـە و بڕوایان وایـە کـە پیرێژنـی نەدیـو دێ و لێـی دەچێـژێ. ئەگـەر خـۆش و بەتـام بـێ، ئـەوە دوعـای بەخێـر بـۆ ئـەو مـاڵ و خێزانە دەکا و سـاڵیان بە بەرەکەت دەبـێ؛ خـۆ ئەگـەر چێشـتەکەش پەسـند نـەکا و نەکەوێتـە بـەر دڵـی، ئـەوە (کوڵەنجـە)(٦)، یـان (زوبوون)ـەکـەی(٧) بـە دەرگای ماڵەکـەدا دەدا، بـە نیەتـی ئـەوەی ڕسـق و ڕۆزیـان نەمێنـێ و خێـر لـە بەهـار نەبینـن، بـەڵام (گۆران)ـەکان (حەلیـم/ هەلیـم) لـێ دەنێـن و چاوەڕوان دەبـن تـا (خێـڵ میـم بەرجـەم)، واتـە خێڵـی میمکـە بەرجـەم، کـە لـە تایفـەی (خێـو و پـەری)ن، لـە گەرمیانـەوە بگەنـە جـێ و بیخـۆن و پێـی گـەرم بنـەوە.

بـە بـڕوای کەڵـوڕەکان، سـەرەتای وەهـار کوردی بـە خولێکـی هـەژدە ڕۆژی دەسـت پـێ دەکا کـە ناوی (سێشەش)ـە و بریتییە لە سـێ جار شـەش

ڕۆژ. لەم خولەدا، شەش ڕۆژی هەوەڵ هەر لە زستانی پێشوودایە، کە ڕێکەوتی ١٦ تا ٢١ی ژانویەیە، واتە کانوونی دووەمە و هێشتا پێی نەناوەتە وەهار کوردی؛ دوو شەش ڕۆژەکەی تر دەبێتە دوازدە ڕۆژی سەرەتای بەهار، کە ڕێکەوتە لەگەڵ ٢٢ی ژانویە تا ٣ی فێوریە، واتە ٢٢ی کانوونی دووەم تا ٣ی شوبات، بەڵام بە بڕوای گۆرانەکان، هەر هەژدە ڕۆژ بە تەواوی دەکەوێتە ناو بەهاری کوردییەوە.

ئەم ٣ شەش ڕۆژەش، بۆیە دەستنیشان کراون، چونکە ٣ کەشوهەوای تەواو جیاوازن، ئەوجا لە هەر کامیاندا بێ پسانەوە و بەردەوام، یان (با و بژ)ـە، یان (تاو و ساو)ـە، یان (باران و شڵێوە) یە، کەوایە ئەم ٣ چەشن هەوای جیاوازە، هەرکام لە خولێکی شەش ڕۆژەدا خۆ دەردەخەن، بەڵام هەمیشە و بە شێوەیەکی نەگۆڕ بە دوای یەکتردا نین، یانی لەوانەیە بە (تاو و ساو) دەست پێ بکا و بە (با و بژ) کۆتایی بێ، یان بە (باران و شڵێوە) دەست پێبکا و بە (تاو و ساو) کۆتایی بێ؛ واتە ئەم ٣ چەشن هەوایە لە هەموو ساڵێکدا یەکسان نییە و جێگۆڕکێ دەکەن. (٨)

لە دوایین ڕۆژی زستاندا (ڕێکەوتی ٢٠ی کانوونی دووەم) کە بۆ سبەی بەیانیڕا وەهار کوردی دەست پێ دەکا، (بزن قوتگە هەمەیل bizin qutga hamayl) لە ئاغەڵ دەردەچێ و بە شادی هەڵدەبەزێ و تیز و تانە لە زستان دەگرێ، بەڵام زستان لە دوایین ڕۆژی تەمەن و دواهەناسەی خۆیدا، بەر لەوەی بزنە بگاتەوە گەوڕ، بەرۆکی دەگرێ و لە سەرمان وشکی هەڵدێنێ. (٩)

لە ناوچەی (دیزگەران) کە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی (هاروونئاوا) و دانیشتوانی لە ئێڵی زەنگنەن، ڕۆژی دوازدەمی وەهار کوردی (ڕێکەوتی ٢ی شوبات) ناوی (شێخاڵی)یە و لەو ڕۆژەدا کەس بە پیادە سەفەر ناکا، چونکە ئەگەری سەرما و باوبۆران و کرێوە هەیە و لە ڕابوردووشدا (شێخ عەلی) ناوێک گیانی لە سەر داناوە. سێزدەمین ڕۆژی وەهار کوردی (ڕێکەوتی ٣ی شوبات) ئەگەری لێزمەی باران و سێڵاو هەیە. چواردەمین ڕۆژیش (ڕێکەوتی ٤ی شوبات) بە (شەو گاهوول šaw gāhöl) دەناسرێ و بڕوایان وایە کە شەوی ئەم ڕۆژە شەوێکی پڕ مەترسییە و ئێجگار سارد دەبێ و بەفرێکی قورسیشی بەدوادا دێ، تەنانەت خەڵک لەم شەوەدا وەخەبەر دەمێنن و ئاگاداریی ماڵ و ئاژەڵ دەبن. (١٠)

خەڵکی «سەحنە» لە بیست و نۆیەمین ڕۆژی وەهار کوردیدا (ڕێکەوتی ١٩ی شوبات) (حەلیم/ هەلیم) لێ دەنێن و بە بۆنەی (کوڕ سەیای kuŕ sayāy)، واتە کوڕی ڕاوچی، بە سەر دەروجیران و هاوسێیانیدا دەبەشنەوە. دەگێڕنەوە کە (موومە/ محەمەد)ی کوڕی ڕاوچی لەم سەرەتای بەهارەدا بۆ ڕاو، ڕوو دەکاتە کوێستان. چەند ڕۆژی پێدەچێ و هیچ هەواڵێکی نابێ. دایکی نیگەران و پەشۆکاو دڵی لە لای کوڕەکەیەتی و زوو زوو سەردانی هیزە ڕۆنی ماڵ دەکا بزانێ ئایا ڕۆن لە هیزەدا بەستوویە، یان نا، چونکە ئەگەر ڕۆن لە خیگەدا ببەستێ، ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی سەرما و سۆڵە و وادیارە کوڕە لە کوێستان سەرما دەیبا. موومە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ سەرمای کوێستان، گاشەبەردێک بە کۆڵدا دەدا و بەوە گەرم دادێ و سەرما زەفەری پێ نابا. پاش ئەوەی لە مەترسی دەخەلسێ، لە شوێنێک ماندوو دەبێ و بەردەکەی لە کۆڵ دەکەوێ و زرمە لە زەوی دێنێ. دەڵێن بە زەختی ئەو بەردە زەوی وەهەناسە دێتەوە و تەشقی سەرما دەشکێ، ئیدی بیست و نۆیەمین ڕۆژی وەهار کوردی کوڕ سەیای بە سەلامەت دەگاتەوە ماڵ. لە مەڵبەند و ئێلاتەکانی تری

کرماشاندا (نەفەس کیشان زەوو nafas kīšān zaö)، واتە هەناسەدانەوەی زەوی، بە ڕۆژی ١٨، یان ٢٠، یان ٢٢ی وەهار کوردی دەزانن و دەڵێن: (لە هیژدە وەهار زەوو دەی نەفەس/ مەل و موور و مار دەرچوو لە قەفەس).

یەکەم ڕۆژی «دار چەقنە/ نەوروز مانگ»، ڕێکەوتی سەرەتای خاکەلێوە و ٢١ی ئازار، منداڵانی گۆران و کەڵوڕ لە سەر بانانڕا پشتێند بەردەدەنەوە و دەڵێن (شاڵم نەسووزی). خاوەن ماڵ شیرنی و کولیچە و خواردەمەنییان بۆ لە لکی پشتێند دەبەستن و ئەوانیش هەڵیدەکێشن.

ئیتر دوای ژیانەوەی زەوی، هەر لە ڕۆژی هەژدەی وەهار کوردیڕا (کەلەوا/ کەلەبا) بە مزگێنیی هاوسەنگیی کەشوهەواوە هەڵیدەکاتێ و بەفر دەتوێنێتەوە و مەڕدار لە خەمی نیگەرانی و بێتفاقی ڕزگار دەکا. خەڵک پێشوازی لێدەکەن و دەڵێن: (کەلەبا هات لە بەهەیشتەوە/ ویـد بییە وە خاک نەجەف دەیشتەوە). (١١)

دەوری یەک مانگ پاشی ئەمە، واتە لە سەرەتای مانگی سێیەمی وەهار کوردیدا کە (دار چەقنە)، یان (نەورووز مانگ)ی ناوە و دار چرۆ دەردەکەن، جێژنی گەورەی نەورۆز دەست پێ دەکا و لە دوای نەورۆز ئەمجارە نۆرەی (وای پەنجە)یە کە هەڵدەکاتێ. ئێڵی کەڵوڕ دەڵێن ئەو بایە لەش دەلاوێنێتەوە و ڕۆح دەگەشێنێتەوە. (١٢)

لە دوای (نەورووز مانگ)، نۆرەی (بەختە واران)ـە کە (وەهار حەسوود wahār ħasöd)یشی پێدەڵێن و بە مانای بەهاری چاوچنۆکە. لەم مانگەدا پەڵەی بڵاو لێرە و لەوێ دادەبارن و خۆ و بەختی هەرکەس وەبەری بکەوێ، یان نەکەوێ. سەرەتای هاوین بە نەزر و نیاز دەست پێ دەکا و گەرما لە دوو مانگی (گاقور) و (خورماپەزان)دا دەگاتە ئەوپەڕی خۆی.

لە نێوەڕاست مانگی هاوینەوە تا مانگێک لە پاییز دەچێ، کاتی (وای سام)ـە کە بریتییە لە سەموون و گڕەبایەکی دەردەدار و مرۆڤ لە پێ دەخا و ئازار و نەخۆشی لەگەڵ خۆ دێنێ. ئەم بایە ڕشانەوە و زگچوونی بەدواوەیە.

لە یەکەم مانگی پاییزدا (دەوڵەمەن)، واتە مەڕدارەکان، شوان دەگرن و شەرتی شەش مانگ تا یەک ساڵەیان لەگەڵ دەبەستن. لەم شەرت و پەیمانەدا، جگە لە خورد و خۆراک و جلوبەرگ و کەڵاش و فەرەجی، یان کەپەنک، لە قەدەر هەر سەد سەر مەڕ، سێ سەر دەبێتە مزی شوان.

تەواوبوونی پاییز و هاتنی زستان، کاتی قوربانییە و (دەوڵەمەن) و (نەدار) دەشێ پەز، یان کەڵەشێرێک سەر ببڕن. لەم ڕێوڕەسمەدا (کوشتی) لە نێو چەن ماڵی نەداردا بە هاوبەشی پێک دێ. نێوەڕاست مانگی زستان بە هۆی سەختی و زەختی سەرما، بە (مانگ سیە)، واتە مانگی ڕەش، ناو دەبرێ. لە باس و حەکایەتەکانی ئەم وەرزەدا دەگێڕنەوە کە: فریشتەی گیانکێشان یەکەم جار لە زستاندا دەچێتە سەر وەختی پیرێژنێک. داپیرە دەڵێ: (ڕوولە! زمسانە/ یەخبەنانە)؛ فریشتە دەگەڕێتەوە و لە بەهاردا دێتەوە، ئەمجار داپیرە دەڵێ: (ڕوولە! مەکووشم وەهارە/ مەشکە و مەلان وەدارە)؛ ئەمجارەش فریشتە دەڕوا و هاوین دەگەڕێتەوە. داپیرە دەڵێ: (ڕوولە! تاوسانە/ وەخت میوە ڕەسانە)؛ دواجار فریشتە لە پاییزدا دێتەوە و داپیرە پێی دەڵێ: (ڕوولە! پاییزە/ خەو شیرین و عەزیزە). فریشتە قسەکە دەقۆزێتەوە و دەڵێ: کەوایە خەوێکی شیرینی یەکجارەکی چاوەڕوانتە، ئەمە دەڵێ و ڕۆحی دەکێشێ.

## پەراوێزەکان:

١- تقویم ایلیاتی کرمانشاه، تألیف: کریم کریم‌پور با مقدمه: دکتر محمد سرور مولایی، چشمه هنر و دانش، چاپ اول، کرمانشاه، ١٣٨١.

٢- دەوڵەتی ماد ٧٠٠ ساڵ پێش زایین دامەزرا و پێتەختی (ئیکباتان/ هەگمەتانە) بوو، کە (هەمەدان)ی ئیمڕۆیە. دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە ١٥١ ساڵ درێژەی کێشا و لەو ماوەیەدا چوار پاشای بەخۆوە دیت: (دیاکۆ لە ٧٠١ - ٦٥٥ بەر لە زایین)، بە ماوەی ٤٦ ساڵ؛ (فرەوەرتیش ٦٥٥ - ٦٣٣ بەر لە زایین)، بە ماوەی ٢٢ ساڵ؛ (هۆوەخشەتەر ٦٣٣ - ٥٨٤ بەر لە زایین)، بە ماوەی ٤٩ ساڵ؛ (ئیختیویکۆ ٥٨٤ - ٥٥٠ بەر لە زایین، بە ماوەی ٣٤ ساڵ.

٣- لە ڕۆژژمێری ئایینی زەردەشتیشدا ساڵ بریتییە لە دوازدە مانگی ٣٠ ڕۆژە و هەر مانگەش لە شەش بەشی پێنج ڕۆژە پێک دێ کە هەر بەشە ناوی یەکێک لە (ئێزەد)ـەکانی لە سەرە. ڕۆژژمێری زەردەشتی لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا (٥٥٩ - ٣٢١ بەر لە زایین) بە دەستکارییەوە لە ڕۆژژمێری میسری وەرگیرا و دوای لێکەوتنی هەخامەنشییەکان لە برەو کەوت؛ بەڵام بە هاتنە سەر حوکمی ساسانییەکان (٢٢٤ - ٦٥٢ زایینی) سەرلەنوێ کەوتەوە گەڕ و تا ساڵی ٦٣٠ی زایینی کەڵکی لێ‌وەرگیرا. (صنعتی‌زادە، ١٣٨١: ٤٧-٦٧)

لە موکریانیشدا هەر مانگ ٣٠ ڕۆژ و هەر وەرز ٩٠ ڕۆژە. بۆ نموونە، نەوەد ڕۆژەی زستان بە چەشنی خوارو بە سەر حەوت بەشی جیاواز دابەش دەکرێ:

١- (چلەی گەورە،چل ڕۆژە، لە ١ تا ٤٠ی زستان).

٢- (چلەی چکۆڵە، بیست ڕۆژە، لە ٤١ تا ٦٠ی زستان).

٣- (خاتوو زەمهەریر، سێ ڕۆژە، لە ٦١ تا ٦٣ی زستان).

٤- (سێ‌شەشی هەیاس، هەژدە ڕۆژە، لە ٦٤ تا ٨١ی زستان).

٥- (سەرمای لەگلەگ، سێ ڕۆژە، لە ٨٢ تا ٨٤ی زستان).

٦- (بەفری پیرێژن، سێ ڕۆژە، لە ٨٥ تا ٨٧ی زستان).

٧- (گیسکی بەلەمس، سێ ڕۆژە، لە ٨٨ تا ٩٠ی زستان).

**تێبینی:** چلەکانی زستان بۆیە بە (گەورە) و (بچووک) دەستنیشان کراون، چونکە یەکیان ٤٠ ڕۆژ و ئەوی تریان ٢٠ ڕۆژە، کەچی لە (فەرهەنگی خاڵ) دا چلە بچووک بەم چەشنە ڕاڤە کراوە: (چل ڕۆژ لە بەشی دوایی زستانەوە) و لە لیستەی هەڵەکانی دوایی کتێبەکەشدا ڕاست نەکراوەتەوە، (خاڵ، ١٩٦٤: ٢١)؛ هەروەها (فەرهەنگی کوردستان)ی (گیوموکریانی) ش ئەم وشەیەی هەر بە (چل ڕۆژی دوایی زستان) ڕاڤە کردووە (موکریانی، ١٩٩٩: ٣٢٦)؛ بەڵام لە هەنبانەبۆرینەدا بە دروستی دەڵێ: (بیست ڕۆژی ئاخری مانگی دووەمی زستان) (هەژار، ١٣٧٦: ٢٠٦).

٤- مەولەوی لە باسی نەهامەتیی خۆیدا ئاماژە بە (پەنجەی تار) دەکا و دەڵێ:

**وەی من دیارەن پەنجەی تارمەن**

**سەروەخت هامن نەووەهارمەن** (مودەڕیس، ١٩٦١: ٤٧٦)

٥- تا دەوری نیو سەدە لەمەوبەر، لە ئاوابییەکانی ناوچەی موکریانیشدا باو بوو کە ڕۆژەکانی زستان بەسەر بنەماڵەکانی دانیشتووی گوند دابەش دەکران و هەر ڕۆژەی زستان ناوی ماڵ و خێزانێکی دیاریکراوی لە سەر بوو. لەم دابەشینەدا، کەشوهەوا و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە بە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتی هەڵسوکەوت و جێگە و پێگەی ئەو خێزانە لە گونددا لێک دەدرایەوە.

٦- کەوا

٧- باڵاپۆشی پێش ئاوەڵای ژنان کە لەسەر

کراس دەپۆشرێ.

٨- لە ڕۆژژمێری ناوچەی موکریاندا ئەم هەژدە ڕۆژە «سێشەشی هەیاس»ی ناوە و دەکەوێتە نێوان شەست و چوارەم تا هەشتا و یەکەمین ڕۆژی زستان. شەش ڕۆژ (بەفر و بۆران)، شەش ڕۆژ (سەرما و بەستەڵەک) و شەش ڕۆژ (تاو و ساو)ە.

٩- ئەم بەشەی زستان لە حیسێباتی ناوچەی موکریاندا، نەک یەک ڕۆژ، بەڵکوو سێ ڕۆژی دوایی زستانە، واتە لە هەشتا و هەشت تا نەوەدەمین ڕۆژی زستان و بە (گیسکی بەلەمس)، یان (گیسکەڵ) مەشهوورە. (گیسک) بریتییە لە بەچکە بزنی لە شیر بڕدراو و (بەلەمس)، یان (بەلەمز) بە ئاژەڵی دەموولووت سپی و گوێ قیت دەگوترێ. هێشتا زستان سێ ڕۆژی تەمەن دەمێنێ کە گیسکی بەلەمس لە ئاغەڵ دێتە دەر و دەڵێ: «گیسکی بەلەمسم/ لە حیسێبگەران دەپرسم»، واتە: ئەو کەسانەی حیسێباتی زستانیان ڕاگرتووە، ماندوونەبوونیان لێدەکەم و داوایان لێدەکەم سەری خۆیان بخوێننەوە، چونکە زستان کۆتایی هات و حیسێبات تەواو بوو. گیسکی بەلەمس هەر بەوەندە واز ناهێنێ و پاشی ئەوەی یەکەم گیای بەهار دەخوا، دەڵێ: (خواردم سەرگوڵی نیسانێ/ ترێکم کەند بۆ زستانێ). زستان لەم گەفە دەڕەنجێ و دەڵێ: (ئەگەر ڕۆژێکم مابێ لە کارا/ کلکت دەکەم بە دارا)، ئەوجا دوایین ڕۆژی زستان ئەوەند سارد دەبێ کە گیسکی بەلەمس لە سەرمان ڕەق هەڵدێ و زستان قسەی خۆی دەباتە سەر.

١٠- لە موکریان دەڵێن:

**چلە وو چلە بچک**

**چلی دیش بنێ لە نک**

**خۆش دەبن دۆڵ و شیوک**

واتە: چلە گەورە و چلە بچووک بخەرە سەر یەک، کە دەبنە شەست ڕۆژ؛ ئەمجار چل ڕۆژی تریشی ڕەگەڵ بخە، کە سەرجەم دەبنە سەد ڕۆژ؛ جا سەیری دۆڵ و شیو بکە بزانە چەند خۆشە. مانای ئەوەیە کە دە ڕۆژ پاشی زستان دەشتودەر خۆش و سروشت ڕەنگین دەبێ. لە حیسێباتی زستانی موکریاندا بەم دە ڕۆژەی دوای زستان و سەرەتای بەهارە دەڵێن (دە ڕۆژەی شقاق)ی، بەڵام خەڵک، بەتایبەت مەڕدارەکان فریوی تاو و ساوی ئەو ماوەیە ناخۆن و تا ئەم دە ڕۆژە تەواو نەبێ، متمانە ناکەن و بۆ هەوار و شوێنێ دوور وەدەرناکەون، ئەم ماوە بە (دە ڕۆژەی شکاک) و (ماف و هەژمار)یش ناو دەبرێ.

١١- (مەلا حەقعەلی سیاپۆش)ی فەیلی، کە لە سەرەتای سەدەی سێزدەی کۆچیی مانگیدا ژیاوە، لە پەسنی کەلەباوە دەڵێ: (کەلەبا هەڵیکردووە و لە دەر و دەربەندانەوە سۆزەی دەبیسترێ. بەم هاتنە زەمهەریری ڕاونا و زنجیرەی سەهۆڵ و بەستەڵەکی ترازاند. زێدی ئەم بایە، بەهەشتە و بۆنی خاک و خۆڵی کابەی پێوەیە. پێوقەدەمی ئەم مەسیحای دووەمە خێر بێ، کە مردووەکانی سەرلەنوێ زیندوو کردنەوە. بەفری کوێستانەکانی ڕاماڵی و مزگێنی بەهاری هێنا. سەرکردەی ستەمکاری زستانی لە سەر تەخت هەڵداشت و قرێژ و چەپەڵیی دوای ئەوی شووشتەوە، ئیتر گوڵانی ڕەنگاوڕەنگ دەرکەوتن و مەلانی دەنگخۆش کەوتنە نەغمەخوانی. ئێستا دڵان ئارەزوومەندی سەیران و دەشتن و دەرودەشتیش وێنەی باغی بەهەشتن، هەرچەند حەقعەلی خۆی پەسنی نەوبەهار دەدا، بەڵام قەدری چاکە و بەخششی پەروەردگار نازانێ.)

**کەلەباد خیزان کەلەباد خیزان**

**ژ دەروەنان دەنگ کەلەباد خیزان**

**زەمهەریر ژ زوور بازووش گوریزان**

**زەنجیرەی زەریف یەخبەنان ڕیزان**

**بادێ وەن ژ زێد ڕەوزەی نەعیمەن**

عەترئالوو ژ خاک کەعبەی عەزیمەن
تەشریفش خەیر بۆ مەسیح سانی
فانیان یاوان ژەیش زیندەگانی
ژ هەم سەلج ساف سەرکاوان شانا
نامەی بەشارەت نەووەهار وانا
خان دەی ژ تەخت زەلالەت تووران
سەرزەمین ژ لەوس کەسافەت شووران
هەنی گوڵ خیزان هەریەک وە ڕەنگێ
مەلان موانان هەریەک وە دەنگێ
هەنی دڵ مایل سەیران دەشتەن
هەنی دەشت وێنەی ڕەوزەی بەهەشتەن
هەرچەن وەسف فەیز نەووەهار وانا
(حەقە) قەدر لوتف ڕەحمەت نەزانا (حقیقی، ۱۳۷۹: ٤۳۹)

١٢- لە هەندێ شوێنی تری ئەم مەڵبەندەدا (وای داراوس wāy dārāwis)ی پێدەڵێن، کە بە مانای بای ژیاندنەوە و ئاوس کردنی دارە.

**سەرچاوەکان:**


(١) حقیقی، عبدالسعید (١٣٧٩)، (دیوان ملا حقعلی سیاهپوش)، پیغام، خرمآباد، چاپ اول.

(٢) خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٦٤)، (فەرهەنگی خاڵ)، جزمی دووەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، چاپی یەکەم.

(٣) صنعتیزادە، همایون (١٣٨١)، (چهار مقالە دربارە گاهشماری در ایران باستان)، بێناو بێجا.

(٤) مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم (١٩٦١)، (دیوانی مەولەوی)، ئەلنەجاح، بەغدا، چاپی یەکەم.

(٥) موکریانی، گیو (١٩٩٩)، (فەرهەنگی کوردستان)، ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم.

(٦) هەژار (١٣٧٦)، (هەنبانە بۆرینە)، سروش، تهران، چاپ دوم.





نەخشەی پارێزگای کرماشان



**دیمەنی چۆمی (لێڵە)**
**لە بەرزاییەکانی (دەوڵەتاوا)وە سەرچاوە دەگرێ و دەڕژێتە (سیروان)ـەوە.**